# پە یقە سادەکا ن نە گەیشتن

**(1)**

یەکێک لە دەرگای خوا ئەدات،　　　　( جەمال غەمبار )

یەکێکی تر ئاگر لە دۆزەخ قەرز ئەکات
سێیەمیان منم
ئەو کاتەی خۆم لێ بزردەبێ و
داوا لە سەگێک ئەکەم بۆم بگەڕێ..

**(2)**

ئاگریان لە زەمەن بەردا
هەموو وادەو بەڵێنەکان سووتان،
- وادەکانی سیاسەت
- ساتەکانی زاووزێی درۆ
- دەمە دەمی ئێوارەی نوێژەکان
-سەردەمی ڕاوە کۆتر
- شەوی تیرۆری ئاوێنەیەک بەدەستێکی ڕیشن
ئەوەی نەسووتا بەتەنێ''
* عیشقیڕووبار بوو لە باڵقبووندا
* حەزی جوانی ژنێک بوو
لە گوێگرتن لە مۆسیقا
لە دەمی جووتبوونا
* گڵۆپی سفری ژوورەکەی خوا بوو
ئەو دەمەی مەمکەکانی تۆی دەخولڵقاند!

**(3)**

ڕۆێک د ێ
پایز, خۆی و گەڵاو هەورەکانی نغرۆبن.
سەدەیەک د ێ
دەریاکان پر پر بن لە نهێنیی پیاوکوژان
ئەز باکم نییە گەر کەونیش هەپرون بێ
چیم نییە بیدۆڕێنم، تەنیاییم نەبێت..

(4)
کەس دووجار لە دایک نابێت
کەس نییە دووجار بمرێت
(ڕاپەڕین) یەک جاربوو، تەواو
جارێکیتر نایبینن کەس بچێتەر (کۆڕەو)
هەموو شتە مەزنەکان یەک جار ڕوودەدەن
بۆیە منیش ترسم هەیە
جارێکی تر تۆم خۆش بو ێ..

(5)
عوسمان چێوار ئێستاش ماوە
گەر پروا ناکەن،
بچن سەر ێ لە -گوڵعومەر-ی خوا بدەن!
ئەو ێ-چا- و جگەرە- ی لێیە
لەو ێ هەزاریی ڕژاوە
ئەو ێ پرە لە مۆسیقای -ماریانا-
ئەو ێ پرە لە کوشتنی -لۆرکا-
ئەو ێ پرە لەو شتانەی
لە ژیاندا جێیان نابێتەوە..

(6)
زۆرجار، شیعر هەوڵی داوە
واتایەک بۆ کۆڵان بدۆزێتەوە،
یان چیرۆک، مێژووی کۆڵان بنوسێتەوە!
هەتا ئێستا شتاقیان بەوە نەگەیشتوون"
کۆڵان،یانی"
- سەرەتاتکێی کچ وکورێکی جحێڵ بۆ یەکتری،
-هاتنە ناوشاری جارانی مەفرەزەی پێشمەرگە،
- نووسینی دروشمەکانی شۆڕش بە خەتێکی درشت,
- کوشتنی داهۆڵەکانی (شێرزاد حەسەن)
لە نێوەڕۆیەکی گەرمدا،
-هێنانەوەی تەرمی سەربازێک لەبەرەکانی جەنگ,
-هەتیوکەوتنی پەڕەسێلکەیەک
ئەوە دەمەی چەتوونێک هێلانەکەی تێکئەدات..
- کۆڵان یانی بۆنی خاک دوای ئاوڕشێنی ئێوارەکانی عیشق

- هەڵواسینی کوژەکەی شین بە ناوچەوانی دەرگاوە
- کۆڵان یانی گەڕانەوەی شەوانی سەرخۆشان بە لارەلار ..

+ خودایا !
بڵێی هەتا ئەز لە تەنیایی ئەگەڕێمەوە
کۆڵانەکەمان وەک خۆی مابێ, خودایا !

(7)
خوداش خەون دەبینێ،
ئەوە نییە ئەو بوونەوەرانەی لە خەوندا ئەیانخولْقێنین
هەموویان ئەهلی بادەو
خەڵکی نوورو...
ئەسڵی بارانن
خوداش مەست ئەبێ
ئەو دەیان جار دەفی بۆ باران ژەنیوە!
ئەو دەیان جار خۆی کردووە بە حەیرانی باخچەیەکی
بێوەژن!

www.chrakan.com